# دووەم / نەوت

نەوت یەکێکە لەسەرچاوەکانی ووزە ٲحفوریە لەبن هاتووەکان ، وە بەگرنگترین دەرامەتی ئابووری دادەنرێت ، وەگرنگی ستراتیجیەکەی لەوە دایە کە بە سەرچاوە یەکی سەرەکی ووزە دادەنرێت و مادەیەکی سەرەکیە بۆ زۆربەی لقەکانی پیشەسازی گۆرین ، وە هەروەها کالایەکی گرنگە لە بازرگانی نێو دەوڵەتی وە سەرچاوەیەکی داهاتە بۆ ئەو ووڵاتانەی بەرهەم دێنن.

## پێناسەی نەوت

بەکارهێنانی ووشەی نەوت لەنێوەندە زانستیەکان وەکو یەک نیە ، ووڵاتانی رۆژئاوا ووشەی پترۆل بەکاردێنن کە ووشەیەکی یۆنانیە بەڵام ٲوروپای رۆژهەلات ووشەی نەوت بەکاردێنن ، ولاتانی عەرەبیش هەندێکیان نەوت و هەندێکیان پترۆل بەکاردێنن ، بەلام ووشەی پترۆل لەرووی زانستی و بابەتی زیاتر رونترە ، وشەی نەوت وشەیەکی لاتینیە (Petroleum) واتە Petra بەرد +Oleumرۆن دێت واتە رۆنی بەرد ، کەمادەیەکی سادەیە و پێکهاتەیە لەهەمان کاتدا ، سادەیە لەبەر ئەوەی پێک دێت لەدووتوخمی کمیبیای ئەوانیش (هایدرۆجین و کاربۆنە ) . وە خاسیەتی بەرهەمەکانی جیاوازە ئەویش بەپێی جیاوازی بەشی هەریەکەیان چونکە خۆی تێکەلەیەکە لەمواردی هایدۆکاربۆنی ، نەوت شلەیەکی چەورە بۆنێکی تایبەتی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە وە رەنگەکەشی جیاوازە لەنێوان رەش و سەوز و قاوەیی و زەرد ، لینجیەکەشی دەگۆرێت بەپێی چڕی جۆرەکەی . وە لەرێگەی بوونی مادەی کبریت لەناو نەوتدا دەتوانین پۆلێنی جۆرەکەی بکەین ، ئەویش کاتێک رێژەی بوونی کبریت بگاتە (0.5 ٪)وەکەمتر پێ دەڵێن نەوتی شیرین , ( Sweet +Crudes) بەلام ئەگەر رێژەکەی زیاتر بوو لە (0.5 ٪) پێ دەوترێت نەوتی ترش Sour) (Crudsیان تاڵ واتە پەیوەندیەکی پێچەوانەیە لەنێوان ئەو برە کبریتەی تیایەتی و پلەی چریەکەی ، چونکە هەرچەندە کبریت زۆر بێ پلەی چریەکەی کەم دەکات پێچەوانەی ئەمەش راستە ، بری کبریت و پلەی چریەکەی کاریگەریان هەیە لەسەر بەهای ئابووری نەوتە خاوەکە و نرخەکەشی.

## مێژووی نەوت و دروست بوونی

زۆربەی سەرچاوەکانی نەوت بووني دەگەڕێننەوە بۆ نزیکەی300 ملیۆن ساڵ کەلە زیندەوەری ئەندامی پێک هاتووە وە شی بوونەتەوە لە ژێر خاک و قوڵایی دەریاکان لەژێر پاڵەپەستۆی بەرزو پلەی گەرمی بەرز دواتر گۆڕاوە بۆ شلەیەکی تێکەڵ ئەویش نەوتە ، شارستانیە کۆنەکان نەوتیان ناسیوە لەسەر رووی زەوی و بەشێوەکی سەرەتایی بەکاریانهێناوە تا وای لێهاتووە بەم شێوەیەی ئێستا دەردەهێندرێت لەژێر خاک وەلەناوەراستی سەدەی (نۆزدە) لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و تا وای لێهاتووە دەرهێنانی نەوت و بەکارهێنانی هاوسەنگی هێزی گۆری لەجیهان.

یەکەم بیرە نەوت لەوولایەتی پنسلڤانیای ئەمریکا .هەڵکەنرا لەساڵی (1859) کەبیری (جون درایک ) بوو کە قووڵایەکەی (69.5)پێ بوو ، دواتر رێکخراوە ئەمریکیەکان بەرهەمي نەوتیان زیاد کرد لە سالی 1862 بۆ سێ ملیۆن بەرمیل و دواتر بۆ چوار ملیۆن بەرمیل لەساڵی (1882 ) ، بەرهەمەکانی ئەمریکا بەیەکەم هەناردەی پیشەسازی دادەنرێت ، وە ساڵی (1870) کۆمپانیای ستاندر أویل دروست بوو کە رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەپیشەسازی نەوت کە دواتر ناوەکەی گۆرا بۆ (نیوجرسی ) .

## بیردۆزەکانی دروست بوونی نەوت

1. بیردۆزی نائەندامی:

یەکەم و کۆنترین بیردۆزە دەربارەی شیکردنەوەی پێکهاتنی نەوت . کەمادەی نەوت دروست بووە لەئەنجامی کارلێک کردنی کیمیای لەنێوان توخمەکاندا لەژێر خاک ، ئەو توخمانەی کە نا ئەندامین وەک توخمی (هایدرۆجین و کاربۆن ) یان توخمی کبریتی ئاسن لەگەڵ هەلمی ئاو ، کەلەئەنجامدا ماددەیەک دروست دەبێت لە أستیلین دەچێت کە بەهۆی کاریگەری جیۆلۆجی و پاڵەپەستۆ و گەرمی گۆراوە و بوە بە زەیت . لایەنگرانی ئەم بیردۆزە پشت بەم دیاردە سروشتیانە دەبەستن کە بەڵگەن بۆ دروست بوونی نەوت لە ماددەی نائەندامی:

1. بوونی برێکی زۆر لەگازی هایدرۆکاربۆنی لەو بەرگەی دەوری گۆی زەوی داوە.
2. دەرچونی گازی هایدرۆ کاربۆنی لەگەڵ ئاوی ژێر زەوي و گرکانەکان .

3. پێکهاتەکانی ئیثان و میثان و بەنزین زۆر بەئاسانی لەتاقیگەکانی لەموادی نا ئەندامی ئامادە دەکرێت.

2. بیردۆزی ئەندامی

ئەم بیردۆزە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەوت بەرهەم هاتووە لە ئەنجامی شیبونەوەی بونەوەری زیندوی ئاژەڵی و رووەکی کە بە مەلایین ساڵ لەچینەکانی قومی نەرمدا لەژێر پاڵە پەستۆی زۆر بەرز و هەروەها پلەی گەرمی بەرزدا شی بونەتەوە ئەم بیردۆزەش پشت بەچەند بەلگەیەک دەبەستن کە پالپشتی بۆ چوونەکانیان دەکات لەوانە :

1. بوونی برێکی زۆر لەموادی ئەندامی و هایدروکاربۆنی لەبەرد نیشتەنیەکان پێکهاتەی تونێلی زەوی ، کە ئەم موادە ئەندامیانە (ئاژەڵی یان رووەکی ) لەگەڵ بونی توخمی کاربۆن و هایدرۆجین کە یەکدەگرن لەگەڵ یەکتری لەژێر پاڵەپەستۆ و گەرمی زۆردا لەگەڵ هەندێک هۆکاری یاریدەدەری تر کە بوون بە نەوت .
2. بوونی توخمی برۆفین و نایترۆجین لەزۆربەی نمونەکانی نەوتی سووک و قورس ، چونکە ئەم دوو توخمە تەنها لەپاشماوەی موادی ئاژەڵی و رووەکی داهەیە .
3. نەوت چالاکی رووناکی هەیە ، ئەویش لەئەنجامی ماددەی کۆلسترۆلە کەلە ئەسلی ئاژەلی و رووەکی وە هاتووە ، ئەوانەی پالپشتی ئەم بیردۆزە دەکەن نەوت دەگەرێتەوە بۆ پاشماوەی ئاژەلی دەریای کە لە ئاوە گەرمەکان ژیاون و مردوون و شیبونەتەوە و خەست بونەتەوە بەتێپەربوونی کات و لەژێر پاڵە پەستۆی گەرمی بەرز بوونەتە ئەو نەوتەی ئێستا.

## جۆرەکانی نەوت / نەوت دەکرێتە چەند جۆرێک بەپێ هەندێك پێوەر لەوانە :

1. بەپێی پێکهاتەی کمییای : ئەویش دەکرێتە سێ جۆر کە ئەمانەن:

أ. نەوتی پارافینی ، کە مۆمی پارافینی تێدایە لەگەڵ رۆنە زۆر باشەکان .

ب. نەوتی ئسفەلتی ، کە برێکی کەم مۆمی پارافینی تێدایە و رێژەیەکی بەرز لە أسفلت .

ج. نەوتی تێکەڵ ، کە برێکی زۆر مۆمی پارافین و مەوادی أسفلتی تێدایە

2. بەپێی پلەی چڕی جۆرەکەی ، کە سێ جۆرە :

أ. نەوتی سووک پێیان دەوترێت بەرهەمە سپیەکان ، کە گاز و گازۆلین بۆ سیارە و پیشەسازیە پترۆکمییاکان دابین دەکات ، کە پلەکەی لە 35 بەسەرەوەیە .

ب. نەوتی قورس ، بەبەرهەمە رەشەکە ناو نراوە کە دووبارەیە کە پلەکەی 28 پلەیە وکەمتریش .

ج. نەوتی مام ناوەند ، وەکو گاز ، رۆنی دیزل و ...هتد کە پلەکەی دەکەوێتە نێوان 28و 38 پلە.

3. بەپێی رێژەی مادەی کبریت ، بەپێی رێژەی کبریت نەوت دەکرێت بەدوو بەش (تاڵ و شیرینە ) ، ئەگەر رێژەی کبریت 0.5 ٪ کەمتر بێت ئەوا نەوتی شیرینە ، بەڵام ئەگەر لەو رێژەیە زیاتر بێت ئەوا نەوتەکە تاڵە یان ترشە ، بونی رێژەی کبریت لەگرینگترین ئەو پێوانەیە کە بەکاردەهێنرێت لەدیاریکردنی نرخی نەوت ، تا ئەو رێژەیە کەمتر بیت نرخی زیاتر وەگرنگ ئەو خاسیەتەش لەبەر ئەوەیە کە گرنگی زیاتر دەدرێت بەپاکی ژینگە و پاراستنی.

<u>**جۆرەکانی نەوت کاریگەریان هەیە لەسەر چەند هۆکارێک :**</u>

1. کاریگەری لەسەر بەهاو نرخی نەوت .
2. کاریگەری لەسەر تێچونی بەرهەمهێنانی لە پرۆسەکان جیاکردنەوە و پاڵاوتن .
3. کاریگەری لەسەر خستنەرووی نەوت

<u>**گرینگترین ئەرکەکانی نەوت لەرووی ئابووری ەوە ئەمانەن :**</u>

1. نەوت سەرچاوەیەکی سەرەکی ووزەی جیهانە .
2. نەوت مادەیەکی سەرەتاییە بۆ چالاکی پیشەسازی .
3. نەوت سەرچاوەیەکە بۆ بە پارەدار کردنی هاوسەنگی گشتی.
4. نەوت کاڵایەکە بۆ ئاڵوگۆرکردنی بازرگانی .

## <u>پێوەرەکانی نەوت بریتیە لە :</u>

1. قەبارە:-

أ. برمیل ، یەکەیەکی أمریکیە کە 159 لترە .

ب. م3 ، کە هاوتایە بە (6.28) برمیل .

2. کێشی، تەن بەکاردێت:

أ. تەنی درێژ کە هاوتای 1006کغم

ب. تەنی مەتری کە هاوتای ، 999کغم

ج. تەنی کورت کە هاوتای . 906 کغم

## <u>قۆناغەکانی پیشەسازی نەوت</u>

**یەکەم : <u>قۆناغی گەڕان و دۆزینەوە</u>** ، لەم قوناغە دا پێویستە ئەو شوێنانە دیاریکرێت کە ئاماژەیە بەبوونی نەوت ، لەرێگەی ئەو لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە کە لەرووی هونەری و جیۆلۆجی و ئابووری و تەکنەلۆجی دەکرێت بۆ ئەوەی گونجاوترین شوێن دیاری بکرێت بۆ هەڵکەندنی برەکان ، ئەم رێگایەش بەچەند جۆرێک دەکرێت :

أ. رێگای رووپێوی ئاسمانی ، لەرێگەی بەکارهێنانی فرۆکە لەدوورەوە یان مانگی ئاسمانی دەستکرد گەر هەبێت کە لە ئاسمانەوە وێنەی شوێنەکە دەگیرێت دواتر وێنەکان دیراسە دەکرێت .

ب. رووپێوی جیۆلۆجی رووکەشی ، پاش رووپێوی ئاسمانی و دیاریکردنی شوێنەکان کە ئاماژە بەبوونی نەوت دەکات، جیۆلۆجیەکان دەستدەکەن بەدانانی نەخشە کە دیاریدەی بەردەکان و پێکهاتەکانیان دیاریدەکان دواتر نموونە بەردەکان دەبرێتە کارگە وتاقیگەکان.

ج. رێگەی رووپێوی جیۆفیزیاوی : ئەم رێگایە لە هەموویان زیاتر بەکاردێت کاتی نەوت دەدۆزێتەوە کەدابەش دەبێت بۆ چەند رێگایەک:

1. ڕێگای کێشکردن (الجاذبية)

2. ڕێگای موگناتیسی

3. ڕێگای سیزمۆگرافی

**دووەم / قۆناغی هەڵکەندن و دەرهێنان ، ئەم قۆناغە پرۆسەی**

دەستبەسەرداگرتن و دەرهێنانی نەوتە بەشیوەیەکی ئابووری کە بریتیە لە هەلکەندنی بیرەکە تا ماوەی دوور لەژێر خاکدا لەرێگەی بۆری و ئامرازی تایبەت وە دەرهێنانی نەوتەکە .

**سێیەم / قۆناغی گواستنەوە :** بریتیە لە گواستنەوەی نەوتەکە لەشوێنی بەرهەمهێنانێ بۆ پاڵاوگەکانی ، دواتر گواستنەوەی لەشوێنی پاڵاوگەکان بۆ شوێنی بەکارهێنانیان لەرێگای هۆکارەکانی گواستنەوەی وەک (بۆڕی ، تانکەر ، بارهەڵگر ، هێڵی شەمەندەفەر) گواستنەوە نەوت لەرێگەی بۆریەوە چەند باشیەکی هەیە کەئەمانەن ( ماوەی پارەی گەراوەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان لە (5) سال تێپەر ناکات کە ماوەیەکی کورتە ، کەمی تێچوونی گواستنەوە نەوتە خاوەکە بەراورد بەهۆکارەکانی تر ، چونکە تێچووی گواستنەوە نەوت بە بۆری (25) جار کەمتر بۆ هەمان بڕ بەرێگای تانکەر لەرێگای ووشکانی ،جگە لەمانە تێچونی گواسنتەوە نەوتی خاو پێچەوانەیە قەبارەی بۆریەکە ، جگە لەمانە ئاسانی و رێکو پێکی و بەردەوامی لەناردنی نەوتەکە و نەرمی لە گواستنەوەی خاوەکان لەرێگەی بۆریەوە.

بەڵام هۆکارەکانی گواستنەوە ئاوی و دەریایی ، کە ناقالات و کەشتی دەرياييە ، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە گرنگی بە ناقالاتی دەریایی دراوە وە خاوەنداریەتی ئەم ناقالانە هی وولاتانی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی خاو وکۆمپانیاکانن .

گواستنەوەی دەریای چەند تایبەتمەندیەک و باشیەکی هەیە لەوانە (خێرای جوولەی ناقلەکان و گۆرینی هێلیان بەپێ خواست ، هەمە جۆری مادە شلەکانی گواستراوە . بەڵام گواستنەوە دەریای رووبەرووی چەند ئاستەنگێک دەبێتەوە لەوانە )پیسبونی ژینگە ی دەریای ، زۆری تێچونی چاوەروانی و تێپەربوون لە بەندەرەکان ئەمە جگە لەجیاوازی تێچوونی گواستنەوە و دڵنیای بەپێی قەبارەی ناقلەکە و دووری شوێن و کرێ داگرتن.

## چوارەم / قۆناغی پاڵاوتن

ئەو قۆناغە قۆناغی ئامادەکردنی نەوتە بۆ بەکارهێنانی کۆتایی و زیادکردنی بەهای ئابووری و سودەکەیەتی لە رێگەی گۆرینی بۆ بەرهەمی جۆراو جۆری (پیشەسازی و بازرگانی و ماڵی ( پیشەسازی پاڵاوتن چەند هۆکارێک کاری تێدەکات لەوانە قەبارەی خواست لەسەر بەرهەمە دووبارەبووەکان ، جۆری خاوی بەکارهاتوو لە پاڵاوگەکان ، سیاساتی نەوتی لەوڵاتانی بەرهەمهێن ، شوێنی جوگرافی ).

## پێنجەم / قۆناغی بەبازار خستن و دابەشکردن .

ئەم قۆناغە قۆناغی ساغ کردنەوە و دابەشکردنی نەوتە چ بەشێوەی خاو یان بەرهەمە نەوتیەکان لەبازارەکانی نیشتمان یان هەرێم یان نێودەوڵەتی .

## شەشەم / بەقۆناغی پیشەسازی پترۆکیمیاوی

ئامانجی ئەم قۆناغە گۆرین بەرهەمە نەوتیەکانە بۆ بەرهەمی کاڵایی پترۆکیمیاوی جیاواز و هەمە جۆر .

## (گرنگی ئابووری و بەکاربردنی نەوت )

دەتوانین گرنگی نەوت لەم خاڵانەی خوارەوە دەربخەین :

1. نەوت بەگرنترین سەرچاوەکانی ووزە دادەنرێت وە بە پێشەنگی بەرهەمهێنانی ووزە سەرەتاییەکان دادەنرێت.
2. نەوت و بەرهەمەکانی رۆلێکی گەورە یان هەیە لە چاڵاککردنی بازرگانی نێودەوڵەتی دا.
3. سامانی نەوت سەرچاوەی سەرمایەی کاڵای و نەختینەییە.

4. نەوت بەگرنگترین سەرچاوەکانی داهات و یەدەگی دراوی بیانیە (العملات الصعبة ).
5. نەوت مادەیەکی سەرەتاییە یان ناوەندیە کە بەشداری لە بەرهەم هێنانی هەزاران کالاَ دەکاتی لەکەرتە ئابووریە جیاوازیەکان.
6. نەوت رۆڵێکی گرنگی هەیە لەپرۆسەی بڕیاردانی سیاسی چونکە بنەمایەکە بۆ ئاشتی و چەمکێکی فشارە لەکاتی ئاڵۆزیە سیاسیەکان.

## تایبەتمەندی پیشەسازی نەوت

1. پێویستی بەسەرمایەکی گەورە هەیە بۆ بەرهەمهێنانی.
2. ئاستێکی بەرز لەمەترسی لەخۆ دەگرێت.
3. بەرزی رێژەی سەرمایەی جێگیر لەچاو سەرمایەی گۆڕاو.
4. پێویستی بە ئاستێکی بەرز لە تەکنەلۆجیا هەیە.
5. نزمی و نەرمی خواست و خستنەڕوو لەماوەیەکی کورتدا.
6. نەوت یەکێکە لەدەرامەتە لەبن هاتوەکان بۆیە پێویستە هاوسەنگی بکرێت لەنێوان بڕی یەدەگی و بڕی دەرهێنان و بەکارهێنانی.
7. پیشەسازی نەوت سروشتی قۆڕخکاری هەیە زیاتر لەڕکابەری.
8. بەرزی هۆکاری مەترسی و دڵنیانەبوون لەچالاکی ئابووری .
9. پیشەسازی نەوت پێوسیتی بەکادیری لێهاتوو خاوەن تایبەتمەندی و شارەزای زانستی و مەشقپێکراو هەیە.

## یەدەگی نەوت

بنەماکانی یەدەگی نەوتی جیهان، بەشێوەیەکی گشتی بریتین لەو دە رامەتانەی لەبەر دەستن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ئێستاو داهاتوی کۆمەڵگا.

## جۆرەکانی یەدەگی نەوت:

1. یەدەگی جێگیر، (هەبوونی مسۆگەر) ئەو برە نەوتانەن لەژێر خاک هەن کەلەسەر بنەمایەکی زانستی خەملێندراون وە لەڕێگەی هەڵکەندنی بیرەوە سەلمێندراون کە دەتوانرێت دەربهێندرێت بەئامرازی بەردەستو بەشێوەیەکی ئابووریانە وە ڕێژەی هەبوونی 90٪.
2. یەدەگی نەوتی(محتمل):ئەو برە نەوتە دەگرێتەوە کە دەتوانرێت لەڕووی هونەریەوە هەبوونی مسۆگەر بێت، بەڵام لەڕووی تێچوونی بەرهەمهێنانەوە دیار نیە چونکە زانیاری تەکنەلۆجی پێویستە تا وەکو هی جۆری یەکەمی لێ بکرێت و ڕێژەی هەبوونی 50 ٪ .
3. یەدەگی نەدۆزراوە:ئەوبرە نەوتەیە کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە وجیلۆجیەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە هەبێت لەشوێن و بیر نەزاندراوەکانن کە تا ئێستا کە ڕووپێو نەکراون وەڕێژەی هەبوونی 15 ٪.

## المخرون النفطي (نەوتی هەڵگیراو )

ئەو برە نەوتەیە بە فعلی هەیە و لە ژێر خاک دەرهێنراوە و بەیەک لەشێوەکان هەڵگیراوە جا چ بەشێوەی خاو بێت یان پاڵاوتراو

## جۆرەکانی مەخزونی نەوتی

أ. مەخزونی ئیستراتیجی ئەو برە نەوتە خەزن کراوەیە لەلایەن وولاتان ، کە ئامانج لەهەڵگرتنی پەیوەندی هەیە بە دڵنیای و پاراستنی ئەو وولاتانە لەگۆرانکاری بەدەستکەوتنی نەوت ، یان بۆ ئەوەیە کە وولاتانی بەکارهێنن بتوانن لەرێگەی ئەو برە نەوتە هەڵگیراوە کاریگەریان لەسەر خواست و خستنەروو هەبێت و نرخ دابەزێنن .

ب. مەخزونی بازرگانی : ئەو برە نەوتە هەڵگیراوەیە بۆ بەدیهێنانێ ئامانجی بازرگانیە وە بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجە .

ج. مەخزونی نەوتی عائم ،ئەو برە نەوتەیە کەلە ناقلاتی جولە پێکراوە یان جێگیرەوە هەڵدەگیرێت کەتەمەنی کارکردنیان تەواو بووە بوون بە سیکراب .

## شێوەکانی مەخزونی نەوتی

1. هەڵگرتنی نەوت لەژێر خاک (بیری ووشک).
2. هەڵگرتنی نەوت لە عەمبارەکان.
3. هەڵگرتنی نەوت لە عەمبارەکانی پیشەسازیەکانی پاڵاوتن.
4. هەڵگرتنی نەوت لە هێڵەکانی بۆری گواستنەوەی نەوت.

## جۆرەکانی بەرهەمهێنانێ نەوتی

بەرهەمهێنانی نەوت : شێوازی یان رێگای دەستبەسەراگرتنی سامانی نەوتە لەکات و شوێن دیاریکراو لەلایەن کۆمەڵێک لەکۆمپانیا و ووڵاتی بەرهەمهێنەوە .

## جۆرەکانی بەرهەمهێنانی نەوت ئەمانەن :

1. امتیازاتی نەوتی (ئاسایی و ناسراو ) :

یەکێکە لەشێوە کونەکانی بەرهەمهێنانی نەوت ، بەپێی بارودۆخی نێودەوڵەتی سیاسی و ئابووری کە چەند کۆمپانیایەکی ناسراوی جیهانی دەستیان بەسەر زۆربەی بەرهەمهێنانی نەوتی ووڵاتانی بەرهەمهێنانی نەوت گرتوە .

2. هاوبەش لە قازانج ، ئەویش بە بەشداری کردنی ووڵاتی بەرهەمهێنان و کۆمپانیایەکی قۆرخکاری نەوتە.
3. بەلێندەری نەوتی ئەو جۆرەیان لەسەر بنەمای گرێبەستە لە نێوان لایەنی نیشتمانی لەگەڵ لایەنێکی أجنبی بەرامبەر بەدەستهێنانی بەشێک یان پشکی لە دەستکەوتی نەوتی ئەم جۆرەیان لەووڵاتانی نەوتی پەیرەوکرا بۆ باشترکردنی مەرجەکانی دەستبەسەر داگرتنی سامانی نەوت .
4. بەرهەمهێنان نیشتمانی راستەوخۆ : ئەم جۆرەیان لەسەر ئەو بنەمایەیە کە حکومەت لەرێگەی یەک لە دەزگاکانی نەوتیەوە سامانی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوت بەرهەم دەهێنن ، یان سوود لە هەندێک شارەزایانی ناوەخۆو بیانی وەردەگرن کەواتە دەستهاتی نەوت دەگەرێتەوە بۆ دەوڵەت.

5. هاوبەشی نەوت و خاوەنداریەتی گشتی ئەم جۆرەیان لەرێگەی رێکخستنی پەیوەندی وەبەرهێنانەوە لە نێوان ولاتانی نەوت و کۆمپانیا بیانیەکان بەشێوازێکی نوێ ، ئەم شێوازە بەرامبەر خۆمالکردنی نەوت لەلایەن وولاتانی نەوت هەرچەندە چەندین وولات نەوتیان خۆمالی کرد.

## شێوازەکانی قۆرخکاری لە پیشەسازی

زۆربەی ئابووری ناسەکان رێک کەوتوون لەسەر ئەوەی کە پیشەسازی نەوت نموونەی بازاري قۆرخکاری کەمە چونکە گرنگترین بنەما سەرەکیەکانی پیشەسازی نەوت ئەوەیە دەبێ هەموو کۆمپانیاکانی نەوت لەژێر یەک کارتێلدا سیاسەتێکی یەکگرتوو پەیرەو بکەن تا نەهێلن زیادەی بەرهەم یان هەرەشەی نرخ و بازار هەبێت بەتایبەتی لەنێوان کۆمپانیا (نیوجرسی ، شل ، انكلو _أيراني ) ئەویش لەبەر ئەوەیە کە کۆمەلە هۆکارێک هەیە وا دەکات پیشەسازی نەوت زیاتر نزیک بێت لە قورخکاری نەک کێبرکی وەک :

أ. سروشتی مادەی نەوت بەوەی کە بەرهەم هێنانی دەکەوێتە چەند ناوچەیەك و نەبوونی لەچەند ناوچەیەکی تر .

ب. هەبووونی مەترسیەکی زۆر لەم جۆرە چالاکیە ئابووریانە.

ج. پێویستی بە وەبەرهێنانەکی زۆر هەیە وە بۆ هەموو قۆناغەکان .

د. سروشتی نەرمی تەواو لەسەر خواستی نەوت و بەرهەمەکانی و کەمی تێچوونی بەرهەمهێنان ، وە چەندێتی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانێ نەوت و سروشتی خواست لەسەر نەوت بەپێی هۆکارەکانی کاریگەر جا چ ئەم هۆکارە سیاسی بێت یان ئابووری .

## خواست لەسەر نەوت

نەوت بەشێوەیەکی خاو بەکارنایەت ،بەلکو دەبێت بپالێورێت ، چونکە نەوتی خاو تەنها کەرستەیەکی سەرەتایە ، گرنگترین ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر خواستی نەوت ئەمانەن :

1. خواست لەسەر ووزەو لەناویشیان نەوت بەندە بەئاستی چالاکی ئابووری ئەو وولاتە.

2. نرخی ووزە خۆی و نرخی بەرهەمە نەوتیەکە.

3. نرخی دۆلاری ئەمریکی کاریگەری لەسەر نەوت.
4. خەزینی نەوتی أستراتیجی.
5. بەرهەمی وولاتانی رێکخراوی (ئۆپێک) وسیاسەتی نەوتی ئەم وولاتانە.
6. کاریگەری کەش و هەوا.
7. تێکرای داهاتی تاک.
8. پەیکەری بەرهەمی نەتەوەیی .
9. یاساکانی رێکخراوەکانی بەکارهێنانی ووزە.
10. جۆرەکانی بەکارهێنانی ووزە.
11. گرینگی گەشەی دانیشتوان.
12. پێشبینی یەکە ئابووریە جیاوازیەکان بۆ داهاتووی بازار.
13. کۆمەلێک هۆکاری تر کە ئابووری نین.

## نەرمی خواستی نەوت

نەرمی خواستی نەوت بریتیە لەپلەی وەلامدانەوەی بڕی خواستراوی نەوت بۆ ئەو گۆرانکاریانەی کە روودەدات لە یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکان دیاریکردنی خواست ، بە گریمانی جێگری هۆکارەکانی تر ، کەمی نرمی خواستی نەوت چەند کاریگەری ئابووری هەیە ئەمانەن :

1. کاریگەریەکانی کەمی نەرمی لەسەر نەوت . پەیوەندی بەو گۆرانکاریە خێرایەوە هەیە کە رووبەرووی نرخ دەبێتەوە ، ئەوەش روونە کە هەرچەندە خواست لەسەر کالایەک زۆر نەرم بێت ئەوا دەبێتە هۆکارێک بۆ هاوسەنگیەکی (تلقاتی) بەبێ ئەوەی گۆرانکاریەکی زۆر هەبیت لەنرخدا.
2. کاریگەری دووەم سیاسەتی باجی لەبواری نەوت بەهۆی کەمی نەرمی نەوت ئەوا بەرهەمە نەوتیەکان بونەتە مادەیەکی گونجاو بۆ سەپاندنی باج ،چونکە باج دیاری دەکرێت لەسەر بنەمای خواست لە سەر بەرهەمە نەوتیەکان ، بەرز دەبێت کاتێک خواست لەسەر نەوت نەرمی کەم بێت ، باج کەم دەکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی نەرمیەکەی .

3. کاریگەری سێیەم ئەو دەستهاتانەی کە حکومەتەکانی بەرهەهێنانی نەوتی خاو دەستیان دەکەوێت. بەهۆی کەمی نەرمیەکەی بەرزبوونەوەی نرخ نابێتە هۆی کەمبونەوەیەکی سەرنج راکێش لەبری فرۆشتنەکان لەماوەی کورتدا .

## <u>خستنەرووی جیهانی نەوتی خاو</u>

بریتیە لەو برە نەوتەی کە دەتوانرێت بخرێتە روو و مامەڵەی پێوە بکرێت لەنێوان لایەنەکانی (کریارەکان و فرۆشیارەکان ) لەمایەیەکی دیاریکراو . خستەرووی نەوت بەیەکێک لەهۆکارە کاریگەریەکانی نرخی نەوتی خاو دادەنرێت بۆیە خستنەرووی نەوتی خاو هەر وەک هەر کاڵایەکی ئابووری نەرمی دیاریکراوی خۆی هەیە بەو شێوەیە :

1. دیاریکردنی پلەو جۆری نەرمی خستنەروو ، نەرمی خستنەروو نەوتی خاو کەم لەماوەی کورتدا چونکە گورانکاری لەبری خستنەرووی کەمترە لەگۆرانکاری نرخەکەی بەڵام لەماوەی مام ناوەند درێژ دا نەرمە نەرمی خستنەرووی نەوتی خاو لەماوەی کورتدا کەمە ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک :

أ. هۆکاری تەکنیکی و هونەری ، لە ئەنجامی سنوردار یان نەبوونی توانای بەرهەمداری یان هەڵگرت و یان گواستنەوە .

ب. هۆکاری سیاسی کەپەیوەندی هەیە بەسیاسەتی ووڵاتانی نەوتی بەئامانجی پارێزگاری کردن لەنرخی نەوت لەبازارەکانی نەوت یان پارێزگاری لەبەکارهێنانی یەدەگی نەوتی .

ج. هۆکاری ئابووری کە پەیوەندی بەوەبەرهێنانی نوێوە هەیە بۆ پێشخستنی بری بەرهەم (خستنەروو).

2. لەبواری بری نەوتی دۆزراوە یان ئەو برەی کە دەتوانرێت دەربهێندرێت و بخرێتە روو لەکاتی ئێستا و داهاتوو. خستنەرووی نەوت لەماوەی مام ناوەند و درێژ دا نەرم نیە بەڵام لەماوەی کورت دا نەرمە هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ :

   1. هۆکاری جیۆلۆجی کە پەیوەندی بەکەم بونەوەی بری یەدەگی نەوتەوە هەیە.
   2. هۆکاری ئابووری کە پەیوەندی بەزۆری تێچوونی نەوت و رکابەری سەرچاوەکانی تری ووزەی جێگیرەوە.

## هۆكارەكانی كاریگەری خستەرووی نەوت

خستەرووی نەوت چەند هۆكارێك كاریگەری لێ دەكات كە گرینگیاندا جیاوازن لەوانەش :

1. بری خواستی نەوت : پەیوەندی نێوان خواست و خستەروو پەیوەندیەكی راستەوانەیە واتە هەر چەند خواست زیاد بكات خستەرووی نەوتیش زیاد دەكات.
2. نرخی نەوتی خاو : بەرزبوونەوەی نرخی نەوت هۆكارێكە بۆ زیادبوونی بری خستەروو ، بۆیە گۆرانكاری نرخ دەبێتە هۆی گۆرانكاری بری خستەرووی بەرهەمهێنان كە پەیوەندی بە ماوەو سروشتی بازارەكانی نەوتەوە هەیە ، ئەمە جگە لەوەی كە ئایا توانای بەرهەمداری بۆ بەرزترین ئاست بەكارهاتووە چونكە دواتر ناتوانرێت بەرهەمی خستنە روو لەماوەی كورتدا زیاد بكرێت ، لەبەر ئەوە هاندەری نرخ كاریگەری ئەرێنیە لەماوەی مام ناوەند و درێژ دا ، بەلام لەحالەتی دابەزینی نرخ ئەوا كاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر كەم بونەوەی بری خستەروو . ئەم پەیوەندیە لەوانەیە راست بێت لەبازاری كێبركێكی تەواو كە بری خستەروو دەگۆرێت بەگۆرانی نرخ كە دواتر پەیوەندیەكە پێچەوانەیە ، بەلام پەیوەندیەكە لەبازاری قۆرخكاری یان كێبركێی قۆرخكاری و قۆرخكاری كەم لەنێوان نرخ و بری خستەروو هەمان رێرەوی پێشتر یان ئاسایی وەرناگرێ ، چونكە لەوانەیە قۆرخكاری خستەرووی نەوت زیاد بكات یان بە جێگیری بهێلدرێتەوە هەتا لەحالەتێك كە نرخ زیاد نەبووە یان هەتا لە دابەزینی نرخیش .
3. سیاسەتی دەرهێنان : سیاسەتی نەوتی كۆمەڵە رێكارێكە پەیرەو دەكرێت بۆ چۆنیەتی دەستبەسەر داگرتن و بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لەرێگەی تەحەكوم كردن بەبەرهەمهینان و خستەروو، بۆ نموونە نەناردنی نەوت بۆ هەندێك وولات لەبەر چەند هۆكارێكی سیاسی ئابلوقەو سزای ئابووری نێو دەولەتی ، یان ئارەزووی كەم كردنەوەی بەرهەم لەبەر پاراستنی تەمەنی بەرهەمی بیر نەوتەكان و رێژەی یەدەگیان.
4. نرخی سەرچاوەكانی تری ووزە جێگیرەكان ، چونكە نرخی ووزە جێگیرەكان) ووزە نوی بۆوەكان ، ناوەكی) ئەتۆمی ( ، خەلووز ( كاریگەری هەیە بەشێوەیەكی ناراستەخۆ لەسەر بری خستەروو بەتایبەتی لەماوەی كورت . هۆكاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ زۆری تێچونیان وە شوێن گرتنەوە یان بۆ ووزە ناسراوەكان ئاسان نیە بەهۆی ئەوەی كە پیشەسازی نەوت پەیكەری گەورەیە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ پشتی پێ بەستراوە.
5. كێبركێی نیوان بەرهەم هێنە نەوتیەكان ، بازاری نەوت لەكۆمەلێك بەرهەمهێن و كۆمپانیا نەوتی پێك دێت كە هەریەكەیان هەولی ئەوە دەدات كە گەورەترین بەشی هەبێت لەو بازارە بۆ نمونە ركابەری نێوان وڵاتانی هەناردەی نەوت ( أوپك ) و

**وڵاتانی هەناردەی دەرەوەی أوپک ، کە کاریگەری دەبیت لەسەر خستەرووی نەوت ، وە بۆ پاراستنی نرخی نەوت بەشێوەیەکی جێگیر و قبولکراو رێکەوتن لەسەر دیاریکردنی خستەرووی نەوت بەپێی سیستەمی بەش لەبازاری نەوتا.**

**بەڵام بەنسبەت بەرهەمهێنانی نەوت ، زۆربەی بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی ئاماری** 2018 **دەکەوێتە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بەنزیکەی** (33.3 ٪) **دواتریش ناوچەی وولاتانی رێکخراوی هاریکاری ئابووری و گەشە بەرێژەی** (26.8 ٪) **. بەڵام بەکارهێنانی نەوت زۆربەی دەکەوێتە وولاتانی پیشەسازی کە نزیکەی** (47.5 ٪) **بەکاربەری نەوتن دواتر وولاتە یەکگرتوەکانی امریکا بەرێژەی** (20.5 ٪) **لەدوای ئەویش (صین) دێت بەرێژەی** (13.5 ٪) **یە . بەڵام تایبەت بەنرخی نەوت نرخی برمیلێک نەوت بەپێی جۆرەکەی وپلەی چریەکەی دیاریدەکرێت ، نەوتی سووک لەهەموویان گرانترە .**

**نرخی نەوتی برنت : کە پێک هاتووە لە نەوتی تێکەلی** (15)**بیری جیاواز لە ناوچەی برنت و نینیان لەدەریای باکور (بریتانیا) کەسێ بەشی بەرهەمی نەوتی جیهانی بەپێی پێوەری نەوتی برنت دیاریدەکرێت بەتایبەتی لەبازارەکانی أوروپا و أفریقا چونکە نەوتەکەی شرینە و چریەکەی** 38**، بری کبریتی** (0.5 ٪) **نمونەیە بۆ بەرهەمهێنانی برنت و سوتەمەنی گەرم کردنەوە .**